گیانلەدەستدانی هەشت ئەندامی خێزانێک لە ئێران

دەزگاکانی راگەیاندنی ئێران رایانگەیاند لە پارێزگای لوڕستان هەشت ئەندامی خێزانێک کە بە رزگارکردنی یەکێتری چوونە ناو بیرێکەوە، خنکان .

ئەمڕۆ شەممە، میدیا ئێرانییەکان بڵاویانکردەوە، رووداوەکە کاتێک دەستپێکردووە، کە منداڵێک لەو خێزانە کەوتۆتە ناو بیرێکەوە، دواتر باوکی بە رزگارکردنی چووتە ناو بیرێکەو و گیری خواردووە، دوای ئەو برای منداڵەکەش بە رزگارکردنی ئەو دوو کەسی تر چوتە ناو بیرێکەوە، پاشان ئەندامانی دیکە خێزانەکە بە رزگارکردنی ئەوانی دیکە یەک لەدوای یەک چونتە ناو بیرێکە.

بڵاسیان لەوشکرد، هیچ کامیان سەرکەووتو نەبوون و سەرئەنجام هەر هەشت کەسەکە کە چوونتە ناو بیرێکەوە گیانیان لەدەستداوە.

ئۆتیشیان، بیرێکە بە کاری ئاودێری کشتوکاڵی بەکارهاتووە و قوڵییەکەی نزیکەی ٥٠ مەتر بووە، بەهۆی نەمانی ئۆکسجینەوە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکە گیانیانلەدەستداوە